**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ٧٤٢ لە ٢٠١٨/١/١١**

## بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٨

## خەرج کردنی سووتەمەنی بە سیستەمی کارتی ئەلکترونی بۆ ئۆتۆمبێلەکانی وەزارەتی ناوخۆ

**ماددەی یەکەم:**

سیستەمی کارتی ئەلکترونی بۆ خەرج کردنی سووتەمەنی لە گشت دام و دەزگاکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان لەلایەن وەزارەت دادەمەزرێت بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەو بەنزینخانەی کە ئەم سیستەمە بەکار دەهێنێن.

**ماددەی دووەم:**

مەبەست لەم سیستەمە کۆنترۆل کردنی خەرج کردنی سووتەمەنی و دابەش کردنی بەسەر ئەو ئۆتۆمبێلانەیە کە بۆ خزمەت گوزاری فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بەکار دەهێنرێن و بنبڕکردنی دیاردەی بەهەدەردانی سووتەمەنی.

## پێك هێنانی لیژنەکان

**ماددەی سێیەم:**

١- لیژنەیەکی باڵای تایبەتمەند لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ پێك دێت بە مەبەستی سەرپەرشتی کردنی سیستەمی کارتی ئەلکترونی سووتەمەنی.

٢- لیژنەی بڕگەی (١)ی سەرەوە لە (٥) ئەندام پێك دێت و دەبێت (٢) لە ئەندامەکانی ئەندازیاری میکانیك بن.

٣- ئەم لیژنەیە هەڵدەسێت بەووردبینی کردنی لیستی ئۆتۆمبێلە خزمەت گوزارییەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ لە گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و فەرمانگەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

٤- لیژنەی باڵا بۆی هەیە بڕی سووتەمەنی تەرخان کراو بۆ هەر ئۆتۆمبێلێك زیاد یان کەم بکات بەپێی پێداویستی هەروەها پێدانی کارتی نوێ و هەڵوەشاندنەوەی کارتی ئەلکترونی سووتەمەنی بۆ ئۆتۆمبێلی هەر فەرمانگەیەك کە سەرپێچی ئەم بەیانە بکات.

٥- لیژنەی باڵا ئاماری بڕی سووتەمەنی خەرج کراو بۆ ئۆتۆمبێلە خزمەت گوزارییەکانی وەزارەتی ناوخۆ مانگانە ئامادە دەکات و دوای پەسەندکردنی وەزیری ناوخۆ ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران دەکات.

**ماددەی چوارەم:**

١- لیژنەیەکی لاوەکی لە هەر فەرمانگەیەکی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ کە یەکەی ژمێریاری سەربەخۆی هەیە پێك دەهێنرێت لە (٣) ئەندام بەسەرۆکایەتی بەڕێوەبەری ئالیات یان بەشی خزمەتگوزاری ئەو فەرمانگەیە و ئەندامێتی نوێنەری ژمێریاری و ئەندازیارێکی میکانیك.

٢- لیژنەی لاوەکی ئۆتۆمبێلی خزمەت گوزاری فەرمانگەکەی دەست نیشان دەکات و بڕی ئەو سووتەمەنیەی کە پێویستە بۆ هەر ئۆتۆمبێلێك لە یەك مانگدا.

٣- ئەگەر فەرمانگەیەك ئەندازیاری میکانیکی لێ نەبوو دەکرێت سوود لە فەرمانگەکانی تری حکومەتی هەرێم وەربگرن بۆ ئەم مەبەستە.

٤- لیژنەی لاوەکی بڕی سووتەمەنی پێویست بۆ ئۆتۆمبێل و مۆدێلەکانی فەرمانگەی دیاری دەکات بەپێی قەبارەی بزوێنەر و ژمارەی پستون بەسوود وەرگرتن لەو زانیاریانەی لە سیستەمی تۆمارکردنی ئەلکترونی ئۆتۆمبێل.

٥- لەکاتی تومارکردنی هەر ئۆتۆمبێلێکی نوێ لەسەر ئەستۆی فەرمانگە پێویستە لیژنەی لاوەکی بڕی سووتەمەنی بۆ دابین بکات ئەگەر ئۆتۆمبێلەکە بۆ خزمەت گوزاری بەکارهێنرا و بەرزبکرێتەوە بۆ لیژنەی باڵا بۆ پەسەند کردن و دەرکردنی کارتی ئەلکترونی سووتەمەنی بۆ ئەو ئۆتۆمبێلە.

٦- دەبێت کونووسی ئۆتۆمبێلەکان لە لایەن بەرێوەبەری فەرمانگە پەسەند بکرێت.

## مەرجەکانی دیاری کردنی ئۆتۆمبێلە خزمەت گوزارییەکان

**ماددەی پێنجەم:**

١- پێویستە بۆ کاری خزمەتگوزاری فەرمانگە بەکار بهێنرێت.

٢- هەر ئۆتۆمبێلی خزمەت گوزاری دەبێت شوفێری تایبەت بەخۆی هەبێت و لەتۆماری ئەلکترونی ئۆتۆمبێلی حکومی ناوی تومار کرابێت.

٣- دەبێت لە پاش کۆتایی ئەرکی فەرمی لە فەرمانگەی خۆی دابنرێت و ڕاگرتنی لە گۆرەپانی فەرمانگە لە لایەن بەرپرسی گورەپان یان پاسەوانی ئێشکگر پەسەند بکرێت.

٤- فەرمانی کارگێری لە لایەن بەرێوەبەری فەرمانگە دەربچێت بە دیاری کردنی ئۆتۆمبێلی خزمەت گوزاری و تێدا شوێنی بەکارهێنانی دیاری بکرێت.

٥- ئەو ئۆتۆمبێلانەی لای خوارەوە بە خزمەت گوزاری ئەژمار دەکرێن:

أ- ئۆتۆمبێلی پۆلیسی فریاکەوتن و پۆلیسی هاتووچۆ : ئەوانەی ئامێری ئاگادارکردنەوە (فرارە) و لۆگۆی پۆلیسی بەیەکەوە لەسەر دانراوە.

ب- ئۆتۆمبێلی ئاگرکۆژێنەوە و تانکەری ئاگرکۆژێنەوە.

ج- ئۆتۆمبێلی جۆری (پیك ئاپ تاك یان دەبل قەمەرە).

د- ئۆتۆمبێلی بەرێوەبەری فەرمانگە.

و- ئۆتۆمبێلی جۆری (١,٥ طن ، ٢ طن ، لۆری ، رافعە ، حفارە ، کرێن ، شوفڵ ، گرێدر ، تانکەر)

هـ- هەر ئۆتۆمبێلێکی تر کە بەرێوەبەری فەرمانگە بە خزمەت گوزاری دەست نیشانی دەکات بەو مەرجانەی کە لەم ڕێنماییە بۆی دیاری کراوە.

## ڕێکارەکانی خەرج کردنی سووتەمەنی بە سیستەمی کارتی ئەلکترۆنی

**ماددەی شەشەم:**

١- هەر ئۆتۆمبێلێك یەك كارتی ئەلكترونی بۆ تەرخان دەكرێت.

٢- ژمارە ئۆتۆمبێلە میرییەكە لەسەر كارتەكە جێگیر دەكرێت.

٣- نابێت هیچ ئۆتۆمبێلێك كارتی ئۆتۆمبێلێكی تر بەكار بهێنێت.

٤- ئەو بڕە سووتەمەنیە كە بۆ ئۆتۆمبێلەكە تەرخان كراوە بەرزترین ڕێژەیە (الحد الاعلی) بۆ دابین كردنی سووتەمەنییە ، واتا لە یەك مانگ لەو ڕێژەیە زیاتر ناتوانێت خەرج بكات و ئەگەر كەمتر خەرج بكات ئەو بڕەی ماوە یەكسان بە (سفر) دەبێت و ناتوانێت بۆ مانگی دواتر سوودی لێ وەربگرێت.

**ماددەی حەوتەم:**

١- دوای جێ بە جێ كردنی سیستەمی كارتی ئەلكترونی لە هەر فەرمانگەیەك هیچ پسوولەی تری سووتەمەنی ناتوانێت خەرج بكات جگە لە پسوولەی ئەو بەنزینخانەی كە كارتی سووتەمەنی بۆ ئۆتۆمبێلەكانی ئەو فەرمانگەیە ڕێكخستووە.

٢- بەدەر لە خاڵی (١)ی سەرەوە لە كاتی شاندكردنی فەرمانبەر بە ئۆتۆمبێلی میری لە فەرمانگەی پارێزگاكەی خۆی بۆ پارێزگایەكی تر بڕی ئەو سووتەمەنیەی بە پسوولە بۆ خەرج دەكرێت بە مەرجێك فەرمانی كارگێری شاندكردن بۆ دەرچووبێت و لەگەڵ پسوولەی بەنزینی ئەو پارێزگایەی كە بۆی شاند كراوە هاوپێچ بكات بە مەبەستی خەرج كردنی لەگەنجینە و لەو پارێزگایەی كە بۆی شاند كراوە هیچ بەنزینخانەی لێ نەبێت كە وەزارەت گرێبەستی سیستەمی كارتی ئەلكترونی سووتەمەنی لەگەڵ ئەنجام دابێت.

**ماددەی هەشتەم:**

١- هەر فەرمانگەیەكی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ كە یەكەی ژمێریاری سەربەخۆی هەیە خەرج كردنی بڕی سووتەمەنی بەكارهاتوو لە لایەن ئۆتۆمبێلە خزمەت گوزارییەكانی ئەو فەرمانگە دەكەوێتە سەر بوودجەی خۆی.

٢- پێویستە بڕی پارەی سووتەمەنی لە كۆتایی هەموو مانگێك خەرج بكرێت بۆ ئەو بەنزینخانەی كە كارتی ئەلكترونی بۆ ڕێكخستووە.

**ماددەی نۆیەم:**

١- بڕی سووتەمەنی گازوایل بۆ مولیدەكانی هەر فەرمانگەیەك خەرج دەكرێت بەپێی ئەو بڕەی كە لە لایەن لیژنەی لاوەكی بۆی دەست نیشان كراوە و دەبێت لە لایەن لیژنەی باڵا پەسەند بكرێت.

٢- سووتەمەنی گازوایل لە ڕێگای ئەو بەنزینخانەوە دابین دەكرێت كە كارتی سووتەمەنی ئەلكترونی بۆ ئەو فەرمانگەیەوە ڕێكخستووە.

٣- دەبێت بڕی سووتەمەنی كڕدراو لە لایەن لیژنەیەكی وەرگرتن لەو فەرمانگەیە وەربگیرێت بە كونووسێك كە بڕ و جۆری گازوایل تێدا دەست نیشان كراوە.

٤- تومارێکی تایبەت بە خەرج کردن بڕی سووتەمەنی گازوایل بەپێی کاتژمێری کارکردنی مولیدە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ دابین دەکرێت و دابەشی سەر گشت فەرمانگەکان دەکرێت و پێویستە بڕی سووتەمەنی بەکارهاتوو و ژمارەی کارکردنی موەلیدەکان تێدا جێگیر بکرێت بەشێوەیەکی رۆژانە.

**ماددەی دەیەم:**

هەر فەرمانبەر یان ئەفسەر یان کارمەندێکی وەزارەتی ناوخۆ سەرپێچی ئەم رێنماییانە بکات بەپێی یاسای بەرزفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ی هەموارکراو و یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ سزا دەدرێت.

**ماددەی یانزەیەم:**

١- پێویستە گشت فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ ئەم بەیانە لە ماوەی (٦٠) رۆژ جێ بە جێ بکات ، و دوای ئەم بەرواره هیچ پسوولەیەکی بەنزین خەرج ناکرێت جگە لەو بەنزینخانەی گرێبەستی سیستەمی کارتی ئەلکترۆنی سووتەمەنی لەگەڵ وەزارەت هەیە.

٢- وەزارەتی ناوخو لیستی ئەو فەرمانگانەی کە سیستەمی کارتی ئەلکترونی جێبەجێکردوە کردوە رەوانەی گەنجینەی تایبەتمەند دەکات بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەم بەیانە.

**ماددەی دوانزەیەم:**

ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی کاری پێ دەکرێت وە لەرۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان ) بڵاودەکرێتەوە .

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**